ئەنجومەنی وەزیران بابەتی دەرچوانی ساڵی 2024ی پزیشکی زانکۆ حکومییەکان تاوتوێ دەکات

ئەمڕۆ چوارشەممە 19ـی ئادار، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات و سێ بڕگە تاووتوێ دەکات.

لە بڕگەی یەکەمدا، پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ بە درێژکردنەوەی بەیاری پێشووی ئەنجوومەنی وەزیران تایبەت بە داشکاندنی ڕێژەی 20%ی سەرپێچیی هاتوچۆ بە ماوەی 6 مانگی دیکە (لە 2025/1/1 تا 2025/6/30) تاووتوێ دەکرێ.

لە بڕگەی دووەمدا یەکلاییکردنەوەی کێشەی دامەزراوان لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بە هەمیشەیی و گرێبەست، کە لە ڕێکەوتی 2024/7/1ـەوە مووچەیان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بەهۆی جێگیرنەبوونی میلاکی مانگی تەمووز لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە بە نەبەستراوە، تاووتوێ دەکرێ.

لە بڕگەی سێیەمدا بابەتی دەرچوانی ساڵی 2024ـی کۆلێژی پزیشکیی گشتیی زانکۆ حکومییەکان بە گوێرەی پێشنیارە هاتووەکان لە نووسراوی وەزارەتی تەندروستی بە ژمارە (30689) لە 2025/12/5 تاووتوێ دەکرێ.